# لە نێوان کچان و کوڕانیاندا

# چەندین دایک لە خانەی بە ساڵاچووان دەژین



## بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە، دایک واتە پیرۆزی و خۆشەویستی ئەو کائینە گەورەیەی، کە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت وەسفی بکات

**ئامادەکردنی: کاڵێ**

ئەگەر گوتت دایک واتە دروستکردنی بینای مرۆڤایەتی و کەسایەتی و نیشتمانێک پڕ لە بەرائەت و جوانی، بۆیە لە ئاستی خۆشەویستی دایک بێ هەست نەبووین و سەرێکمان لە خانەی بەساڵاچواندا گرت تا هەندێک لە دایکانمان بهێنینە ئاخاوتن و لێیان بپرسین چ چارەنووسێک ئەوانی لە خێزان دابڕاندووە و چۆن گەیشتوونەتە ئەو خانەیە، لەو خانەیەدا حکومەت بۆتە کەسی ئەوان و ناز و سۆزی بە تەمەنایەتیان هەڵدەگرێت و وەکو دایکێک خزمەتیان دەکات...

*** کورتە ناسینێک لە بارەی خانەی بەساڵاچووان؟**

ئەم خانەیە سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە و لە ساڵی (١٩٧٩) دامەزراوە، ئەم خانەیە بەمەبەستی حەوانەوەی بەساڵاچووان هاتۆتەکایەوە، کە بەهۆی چاودێری نەکردنی خێزان، یان کێشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە بۆتە هۆی دەربەدەربوونیان و نەمانی شوێنی حەوانەوەیان، حکومەتیش لە ڕێگەی ئەو خانەیە گوزەران و بواری تەندروستی بۆ دابین کردوون و چاودێریان دەکات.

مەرجی وەرگرتنی ئافرەتانی بەساڵاچوو لە تەمەنی ٥٥ ساڵییەوە

نابێت نەخۆشی گواستراوەی هەبێت.

* پوورە ( ج. م)دەڵێت: ماوەی سێ ساڵە لەو خانەیە دەژیم و سەبووریم بە ئێرەوە هاتووە، من خاوەنی دووکچم و زۆر حەزم دەکرد لەلای یەکێک لە کچەکانم ژیانم گوزەراندبا، منیش وەکو هەموو دایکێک ماندوو هیلاکیم پێوە چەشتوون، بەڵام چی لە رۆژگار دەکەی، کە کچە بچووکەکەم زۆر حەزی دەکرد لەلای بم، بەڵام لەگەڵ ماڵە خەزوورانییەتی و ناتوانێت من لە خۆ بگرێت، کچێکی دیکەم هەیە لە مەخمور وەزعی ماددی زۆر باشە، بەڵام حەز ناکات من لەلایان بم، لێرە کاتەکانی خۆمان بەهەر شێوەیەک بێت بەرێ دەکەین و رۆژانە لەلایەن فەرمانبەرانی ئێرە خزمەتمان دەکرێت، من نەمتوانیوە خانوو بگرم و بەتەنیا بژیم، چونکە ژیانی تەنیایی ئەستەم و قورسە، بەداخەوە ئەو بەساڵاچوانەی ئێرە هەموو کچ و کوڕیان هەیە و خاوەنی کەسوکارن و خۆیان لاری کردووە لە دایک و باوکیان.

دوابەدوای ئەو دایکە پورە(س. ئە) لە ساڵی (٢٠٠٣) لەو خانەیەدا دەژی و دەڵێ: راستە من خاوەنی منداڵ نیم خاوەنی منداڵ بام دەبوو منیش هاتبامە ئێرە و پشت گوێیان خستبام؟.

نێوبراو لەبەر خۆیەوە دەدواو چەندین ئاوات لە دڵیدا بوو بۆیە دووبارە گوتییەوە! خۆئاوات و ژیانی شادی بەتەمەن و لاوی نازانێت هەموومان حەزمان دەکرد لەلای خانەوادەکانمان ژیابایین، من هاوسەرەکەم وەفاتی کردووە و یەک منداڵیشم بووە و مردووە،

خاوەنی یەک برام زۆر بەتەمەنە ناتوانی من لەلای خۆیان رابگرێت، ئێستا زۆر بەختیارم لەوخانەیە و ئەگەر حکومەت لانەیەکی وەهای بۆ ئێمە نەکردبایەوە ئەدی چیمان کردبا و لە کوێ ژیانمان بەسەربردبا ؟

دایکە(گ)یش یەکێکی دیکە بوو لەو خانەیەدا ماوەی (٧) ساڵە لەوێ ژیان بەسەر دەبات و گوتی: من خاوەنی یەک کوڕ بووم لەرێگەی ئێران وەفاتی کرد، دوای ئەو هیچ لانە و پەناگەیەکم نەبوو رووی تێبکەم، ژیان چەرخی زەمانەیە زوو هەڵدەسوڕێ، لەو ژیانەدا کەس نییە بێ گرفت و بێ کێشە بێت هەندێکمان بە هەژاری و ئەوانی دیکەشمان بە گوزەران و حاڵێکی خۆشەوە دەژین، خۆشترین کات و خۆشترین ژیان ئەوەیە، کە لە باوەشی گەرمی خێزاندا رۆژەکان بەرێ بکەین و منیش وەکو هەموو دایکێکی ئەو نیشتمانە چەندین ئاوات لە دڵمدابوو، بەداخەوە نە لە تەمەنی لاوی نە لە تەمەنی پیری بە هیچیان نەگەیشتم، سەبارەت بە ژیانی رۆژانەی لەو خانەیەدا دەڵێت:

لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی لێرەن پێکەوە دادەنیشین و خەمی دڵمان بۆ یەکتری بەیان دەکەین و سکاڵاکان لای یەکتر هەڵدەرێژەین.



مارشی تەنیایی لە پایزی تەمەندا